MyFreePPT



# هەڵسەنگاندنێک بۆ شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا

شاسوار کەمال مەحمود
مامۆستا، وەرگێڕ و پەروەردەکار

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

سنووری باسەکەمان بریتی دەبێت لە:

- تاقیکردنەوەی ( شێوازی هەڵبژاردن ) چیە؟

2. پێکهاتەی تاقیکردنەوەی ( شێوازی هەڵبژاردن )

- بنەماکانی دانانی پرسیار بە ( شێوازی هەڵبژاردن )

4. لایەنە باشەکانی تاقیکردنەوە بە ( شێوازی هەڵبژاردن )

5. لایەنە خراپەکانی تاقیکردنەوە بە ( شێوازی هەڵبژاردن )

6. چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە لە هەرێمی کوردستان؟



MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 1- تاقیکردنەوەی ( شێوازی هەڵبژاردن ) چییە؟

ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بە ڕێگای هەڵبژاردن یەکێکە لە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن  کە بەهۆیەوە فێرخوازی تاقیکراوە (داواکارییەك، قەد**Stem** =)ی دەخرێتە بەردەم لەگەڵ ( چەند بژاردەیەك **Options** =)، کە لە 3–5 بژاردە پێك دێت و تەنها (یەکێك) لەو بژاردانە دەبێت ڕاست بێت و ئەوانی دیکە دەبێت هەڵەبن.

مێژووی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **1914** کاتێك لەلایەن پرۆفیسۆر ( **Frederick J. Kelly** ) لە زانکۆی (کینساس) ی ئەمریکی بۆ دەستەبەرکردنی کرێکار و سەرچاوەی مرۆیی.

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 2- پێکهاتەی تاقیکردنەوەی ( شێوازی هەڵبژاردن )

A. (Stem ستێم) واتە قەد بریتیە لەبەشی دەستپێکردنی داواکاری کە لەوانەیە ئەو دەستپێکردنە بە شێوەی (پرسیارکردن) بێت یاخود بە شێوەی (نووسینێکی ناتەواو) بێت. لەم بەشەدا (گرفتێك) دەخرێتە بەردەم قوتابی کە دەبێت لە بژاردەکاندا وڵامی ڕاست بەدەست بهێنێت.

B. (Options =بژاردەکان) بریتین لەو وڵامانەی دەخرێنە بەردەم قوتابی بەمەبەستی هەڵبژاردنی وڵامی ڕاست. لەناو ئەو بژاردانەدا دەبێت (یەك وڵامی ڕاست) هەبێت و وڵامەکانی دیکە هەڵەبن و لەسەر قوتابی پێویستە وڵامە ڕاستەکە هەڵبژێرێت.

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

لەناو بژاردەکاندا وڵامی ڕاست پێی دەوترێت ***Key*** واتە کلیل، هەروەها وڵامە هەڵەکانیش پێیان دەوترێت ***distractors*** واتە سەر لێ تێکدەرەکان.

## نمونەیەك بەشێوەی پرسیارکردن



**1. Who is the author of Treasure Island?** ← STEM

***(a)*** *Jules Verne*
***(b)*** *Oscar Wilde*
***(c)*** *Walt Whitman*

} Options(wrong)= ***DISTRACTORS***

***(d) Robert Louis Stevenson*** ← Option (correct) = ***KEY***

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## نمونەیەك بەشێوەی نووسینی ناتەواو:

STEM

1. **Erbil ancient Citadel stands at the ---------- of this fast growing city.**

***A-centre*** *B- north* *C- south* *D- west*

Option (correct) = ***KEY***

Options(wrong)= ***DISTRACTORS***



MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 3- بنەماکانی دانانی پرسیار بە ( شێوازی هەڵبژاردن )

1- پێویستە (یەك وەڵامی راست) لە ناو بژاردەکاندا هەبێت بۆ هەڵبژاردن.

2- هەروەها دەبێت (وەڵامە هەڵەکان) لەناو بژاردەکاندا بوونیان هەبێت.

3- نابێت وەڵامی هەڵەی نەگونجاو و نابەجێ لە ناو بژاردەکاندا هەبن.

4- هەموو برِگەکان دەبێت بەقەد یەکتری بژاردەیان هەبێت.

5- دەبێت ستێم و وەڵامی راست لە رووی زمانەوانی و رێنووسەوە دروستبن دوای ئەوەی لێك دەدرێن.

6 – پێویستە خاڵبەندی پێویست لە نێوان ستێم و وەڵامی راستدا پەیرِەو بکرێت.

7- دەبێت هەر برِگەیەك تەنها داوای (یەك گرفت) بکات بەمەبەستی وەڵامدانەوەی لە لایەن قوتابیانەوە.

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 3- بنەماکانی دانانی پرسیار بە ( شێوازی هەڵبژاردن )

8. لە بەشی پرسیاردا، پێویستە وشە و دەستەواژەی پێویست بەکار بهێنرێت بەمەبەستی ئاسانکردنی تێگەیشتنی قوتابیان.

9. پێویستە پرسیارەکان هانی بیرکردنەوەی قوتابیان بدەن.

10.هاوکات دەبێت پرسیارەکان لەگەڵ ئاستی قوتابیاندا بگونجێن.

11. درێژ و کورتی بژاردەکان پێویستە وەك یەك یاخود نزیك بن لە یەکترییەوە.

12. هاوسەنگی هەبێت لە دانانی وڵامە راستەکاندا، واتە نابێت هەموویان لەسەرەتا یاخود ناوەند...هتد بن.

13.نابێت وڵامی هیچ برگەیەك لە برگەکانی تردا هەبێت.

14.باشترە خۆ بەدوور بگیرێت لە وڵامی (هەموویان راستن) یاخود ( هیچیان راست نین).

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 4- لایەنە باشەکانی پرسیار بە (شێوازی هەڵبژاردن)

1. بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ئاسانە، بەشێوەیەك دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لە هەمان ژینگە و هەمان شوێن و هەمان کاتدا تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن.
2. نمرە دانان و پشکنینی پەڕاوی وڵامی قوتابیان (بابەتی) دەبێت و هیچ بۆچوونێکی شەخسی کاریگەری لەسەر نمرەدانان نابێت.
3. پشکنین و نمرە دانان (پرۆسەیەکی خێرا) دەبێت. هەروەها ئەم شێوازە لەچاو شێوازەکانی دیکە خەرجی کەمتری دەوێت.



MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 4- لایەنە باشەکانی پرسیار بە (شێوازی هەڵبژاردن)

4– دەتوانرێت ئەم شێوازە بۆ زۆر بابەت و بواری جیاواز بەکار بهێنرێت.

5– ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە جێی بڕوا (Reliable) و پەیوەندیدارە (Valid) بە بابەتی مەبەستەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی (متمانە) بە ئەنجامەکان.

6– هەندێك شارەزایی و زانیاری کەم پێویستن بۆ ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە لەلایەن قوتابیانەوە، بۆنمونە نووسینی زۆر و رەخنەگرانە پێویست نین لە کاتی وڵامدانەوەدا.



MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 5- لایەنە خراپەکانی پرسیار بە (شێوازی هەڵبژاردن)

1– دانانی ئەم شێوازە کارێکی (قورسە). کەسێك بیەوێت پرسیار بەم شێوازە دابنێت دەبێت شارەزایی و زانیاری پێویستی لە بابەتی پەیوەندیداردا هەبێت.

2– هەروەها دانانی بڕگە و پرسیار و بژاردەکان کات و ماندوبوون و هەوڵی زۆری دەوێت، بەشێوەیەك سەرەڕای ناوەڕۆکی بابەتی پەیوەندیدار دەبێت بڕگە و بژاردەکان لە رووی زمان و نووسین و رێنووس و خاڵبەندی و زانیاری و ئاستی قوتابیانەوە گونجاوبن.

3– ئەگەر بڕگە و بژاردەکان بە ووریاییەوە دانەنرێن لەوانەیە ببنە هۆی دروستکردنی بەدحاڵی بوون لەلای قوتابیان و لەئەنجامدا نازانرێت کەوا قوتابیان بەهۆی نەزانینەوە یاخود بەهۆی بەدحاڵی بوونەوە وڵامی راستیان بەدەست نەهێناوە.

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 5- لایەنە خراپەکانی پرسیار بە (شێوازی هەڵبژاردن)

4– لەم شێوازەدا هەڵسەنگاندنی شارەزاییەکانی نووسین و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و خەیاڵ و ئاخاوتنی قوتابیان سنوردارە و ناتوانرێت بەباشی هەڵبسەنگێنرێن.

5– خەملاندن رۆڵی دەبێت لە هەڵبژاردنی هەندێك وڵام و ئەمەش ئاستی راستەقینەی قوتابیان دەرناخات.

6– قۆپی و غەشکردن لەم شێوازەدا ئاسانترە وەك لە شێوازەکانی دیکە، بەشێوەیەك قوتابیان دەتوانن لەناو خۆیاندا رێك بکەون تا بەیەکتری بڵێنەوە لەرێگای هێما و شێوازەکانی دیکەی نازمانی بەبێ قسەکردن.



MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 6- چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە لە هەرێمی کوردستان؟

1. دەبێت تەواوی بنەما و ڕێساکانی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پەیڕەو بکرێن.
2. ئامانج و مەبەستی هەربابەتێکی پڕۆگرامی خوێندن دیاریکراو بێت بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە.
3. ناوەڕۆك و دیزاینی گونجاو دابنرێت بۆ ئەنجامدانی پرسیار و وڵامەکان.
4. گرنگی تەواو بخرێتە سەر کتێبی پڕۆگرامەکانی خوێندن بەتایبەتی پەڕتووکەکانی قوتابی، چالاکی و مامۆستا.
5. لیژنەیەك بەشداربێت لە دانانی پرسیار و وڵامەکانی هەر بابەتێکی پڕۆگرامەکانی خوێندن.
6. لیژنەیەك دروستبکرێت بۆ پێداچوونەوە و چاکردنی پرسیار و وڵامەکانی ئەم شێوازە پێش ئەنجامدانی، ئەویش لە پێناو چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان.

MyFreePPT

# (شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا)

## 6- چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە لە هەرێمی کوردستان؟

7. ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێش وەختە لەبەرچاو بگیرێت بۆ گەشەپێدان و چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان بۆ شێوەی کۆتایی تاقیکردنەوەکان.
8. دەبێت شێوەی پرسیاردانان و وڵامدانەوە فێری مامۆستایان و قوتابیان بکرێت.
9. دەبێت پەڕاوی پرسیارەکان و وڵامەکان بەشێوەکی بەرزی تەکنیکی چاپ بکرێن، چونکە بوونی هەر کەموکوڕییەك دەبێتە هۆی سەرلێشواندنی قوتابیان.
10. پەڕاوی وڵامدانەوە پێویستە سەربەخۆ بێت لە پەڕاوی پرسیارەکان.



زنجیرەی گەشەپێدانی پیشەیی (١)

## دەروازەیەك دەربارەی تەقیمکردن و تاقیکردنەوەی قوتابیان


نووسینی:
شاسوار کەمال مەحمود
ماستەر لە زمانی ئینگلیزی
پسپۆڕێتی ئەزموون و پڕۆگرامەکان


زنجیرەی گەشەپێدانی پیشەیی (٢)

## ئاشنابوون بە (شێوازی هەڵبژاردن) بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان


نووسینی:
شاسوار کەمال مەحمود
ماستەر لە زمانی ئینگلیزی
پسپۆڕێتی ئەزموون و پڕۆگرامەکان


زنجیرەی گەشەپێدانی پیشەیی (٣)

## ڕاگەیەندراوی ئینشیۆن کۆماری کۆریا


وەرگێڕانی:
شاسوار کەمال مەحمود
ماستەر لە زمانی ئینگلیزی
پسپۆڕێتی ئەزموون و پڕۆگرامەکان

MyFreePPT



# هەڵسەنگاندنێک بۆ شێوازی هەڵبژاردن لە تاقیکردنەوەکاندا

شاسوار کەمال مەحمود
مامۆستا، وەرگێڕ و پەروەردەکار